# پیرۆزترین شەڕ

خەسرۆ پیربال

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی هەڵدەینەوە، هیچ دیاردەیەك بە قەدەر شەڕ و پێکدادان زیانی بۆ دونیاو مرۆڤایەتی نەبووە، لەناو میللەتانیشدا کورد زیاتر لەهەر میللەتێکی دوونیا باشتر لە واتاو ئاکامەکانی شەڕو کاولکاری دەگات، بە درێژایی چەندەها ساڵ، چەندین جار، لە چەندین لاوە، کوردستان وەکوو گۆڕەپانێکی شەڕ بووە، لە ئەنجامیشدا هەچی جوان و پیرۆزبووە لەناوچوونەو ژیانی خەڵکی بێتاوانیش تاڵ و ناخۆش بووە.

کورد باش دەزانێت، شەڕ چ دەردەسەرییەکی گەورەیە، لەبەر ئەوەش بووە، بەدرێژای مێژووی بەرخۆدان و شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی کوردستان، هەمیشە پێشمەرگەی کورد، تەنها بۆ داکۆکیکردن، دەستی داوەتە چەك و شەڕی کردووە، واتا هیچ شەڕێکی داگیرکەرانەی نەکردووە، تەنها لەچوارچێوەیەکی دیاریکراو بووە، بۆ بەرگری و پارێزگاریکردن لە مافی خوراوی میللەتەکەمان، شەڕی مانەوەی فەرهەنگ و بوونی خۆی کردووە.

ئەمرۆکە هەموو مرۆڤایەتی چاوەڕوانی شەڕێکی قوورس و بەزەبر دەکەن، لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کوردستانیش لە لێواریئەو شەڕەدایە، ئەو کوردستانەی بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵە، حکوومەتێکی هەڵبژێردراوی نیشتیمانی حکومڕانی دەکات، ئەو کوردستانەی بۆ یەکەمین جار دەسەڵاتێکی کوردی ئاشتیخواز، کاروباری ڕۆژانەی ئاسایی میللەت بەڕێوەدەبات، ئەو ئەزموونەی کە چەندیین کادرو دیبلۆماتی کوردی بەرهەم هێنا، بۆ یەکەمیین جار، نەوەیەکی ئازادی بەرهەم هێنا، ئەو نەوەیەی نازانێت مانای تووندوتیژی و دیکتاتۆر چیە، نەوەیەك ئازادانە بیر دەکاتەوە، کۆمەڵگایەکی نوێی مۆدێرن ووردە ووردە سەرهەڵدەدات، کۆمەڵگایەك کە زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری تێیدا گەشەدەکات. .

لە ژێرسایەی ئەو ئازادیەدا، هەزاران کۆرە گوندی دوور و ئاوایەکانی نیشتیمانی کوردستان ئاوەدانکرانەوە و خزمەتگوزاری و قوتابخانەو شوێنی عیبادەت و ئاویپاك و جوانی سروشتی تێدا دیسانەوە بووژایتەوە. ، ئەو نیشتیمانەی کرابووە کێڵگەی مین و ئۆردووگای سەربازی و چەك و تەقەمەنی، ئەمرۆکە پاش حوکمداری کورد و دامەزرانی داموودەزگاکانی کوردی، سەرلەنوێ نیشتیمان ئاوەدان و خاوێنکرایتەوە.

ئەمرۆکە لە گەلێك وڵاتان، خۆپێشاندان و چالاکی دەنوێنرێت، گەلێکن ئەوانەی دژی شەڕ لە عیراق و دژی شەڕن لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەوانەی بەم کارە هەڵدەستن، نازانن ئەگەر بێت ئەو شەڕە نەبێت، ئەوە میللەتی عیراق و میللەتی کورد چ چارەنووسێك چاوەڕێیان دەکات ؟ گەلێك کەمن لەوانەی ڕێپێوانی دژی شەڕ ساز دەکەن و مێژووی ڕەشی میللەتانی عیراق و بەتایبەتی میللەتی کوردیان خوێندۆتەوە، نازانن، کە چەند ساڵێك لەمەوبەر، لە ناوبێدەنگییەکی ترسناکدا، زیاتر لە 250 هەزار کوردی بێتاوان زیندە بەچاڵکراون و کەس نازانێت بە چ جۆرێك لەناوبراون، لە بیریان چووە، یانیش هەر نایزانن، کە لە ئاکامی تۆڵەسەندنەوە لە شۆڕشی بارزان و سەرۆکی نەتەوەی کورد مستەفا بارزانی، حکوومەتی دڕندەی بەغدا، دەستی بردۆتە بەر ڕەشبگیری و زیاتر لە هەشت هەزار هاوڵاتی سیڤیلی بارزانی، بەرەو چارەنووسێکی ڕەش ڕەوانەکران و گوندو شوێنەوارەکانیشیانی تێکداوە، لەبەر ئەوەشە ئەوانەی ئەمڕۆکە، دروشمی ئاشتی لە عیراق بەرزدەکەنەوە، دژی هێرشی وڵاتانی ئەمریکاو ئینگلیزن بۆ سەر عیراق، بە هەقیقەت ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی تاوانباری بەغدا ناناسن، ئەو دەسەڵاتەی نەوەکوو مەترسی هەیە بۆ وڵاتانی ناوچەکە، بەڵکوو بەڵایەکی ئێجگار گەورەیە بۆ سەر میللەتانی عیراق

ئەوانەی دژی ئەوشەڕەن خەڵكانێكن ساكارانە بیردەكەنەوە، لە دووروونزیكەوە، لە ئازارو ئەشكەنجەكانی ئێمەی كورد تێناگەن، خەڵكانێكن نامۆن بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی خوێناوی عیراق.

كێشەی میللەتی كورد، تەواو جیاوازە لەگەڵ میللەتانی تری دونیا، لەبەر ئەوەشە، بە بۆچوونی من، هەڵوێستی خەڵكانی ڕۆشنبیرو نووسەرانی كورد، دەبێت جیاواز بێت لەگەڵ نووسەران و ڕۆشنفكرانی دونیا، ئەوانەی دژی شەڕ بوونە، چارەنووسی ئێمە ئەوەیە كە لەگەڵ ئەو شەڕە پیرۆزە بین، ئەو شەڕەی بۆ هەتا هەتا مەترسی قەتڵوعاممان لەسەر لادەبات، ئەو شەڕەی ترس لەچاوی مندالانی میللەتەكەمان لە باشوور دەرەوێنێتەوە، ئەو شەڕەی هەرەشە لەسەر چارەنووس و داهاتووی ژینگەو بیرووكانیەجوانەكانی كوردستان لادەبات، ئەو شەڕەی درێژە بە ئەزموونی دیموكراسی كوردستان دەدات و زیاتر و باشتر دەیچەسپێنێت و دەبێتە نموونەیەك بۆ گەلانی تری عیراق، ئەو شەڕە جوانەی كە هەوای نیشتیمان پاك دەكاتەوە، ئەو شەڕەی كە چەندیین شاری دەستبەسەری كوردی، وەكوو مووسڵ و كەركووك و خانەقین ئازاد دەكات و دەیانگەڕێنێتەوە ناو باوشی نیشتیمان، ئەو شەڕە پیرۆزەی كە هەموومان بەرەو سەرفرازی دەبات. .

فینلەندا 2003/2/19

Pirbal@hotmail.com

**تێبینی كوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێكدا دەنووسرێت.......... 15-1-2003